# ئەرکەکانی ( و ) لە زمانی کوردیدا

د.شهاب کیب گاهر
زانکۆی ڕاپەڕین / فاکەڵتی پەروەردە
ئاداب

د.نازەنین جەلال ئەحمەد
زانکۆی دهۆک/کۆلیژی

## پێشەکی:

زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە زیندووەکانی ئێستای جیهان، کە هەمیشە لە گەشەو پێشکەوتندایە، ئەویش بەهۆی بەرفراوانیو بەکارهێنانی زمانی کوردییە لەڕووی شێوازەوە. هەروەها زمانی کوردی، یەکێکە لە زمانە لێکدراوەکانو پاشگروپێشگرو ناوگروناوبەند ڕۆڵی سەرەکی لە پێکهێنانو دروستکردنی وشەو زاراوەی نوێ تێدا دەبینن، ئەو وشە نوێیانەش دەچنە ڕیزی بەشەکانی تری ئاخاوتنەوە. وشەکانی زمانی کوردی کە بەهۆی ئەم پێشگرو پاشگرانە دروست دەبن، کۆمەڵەیەکی کراوەنو دەتوانرێت، ژمارەیەکی بێ کۆتا وشەیان لێ دروست بکرێت.

لە پێکهێنانی ئەو وشەو زاراوانەش هەر زمانەو بەشێوازی جیا ئاماژە بۆ پێکهێنانی دەکات، چونکە هەر زمانێک دەستوورو تایبەتمەندێتی خۆی هەیە، چ لە ئاستی دەنگسازی ، یان وشەسازی، یان ڕستەسازیدابێت.

لەم لێکۆڵینەوە سادەیەدا دەمانەوێت ئەرکی ( و ) لە ئاستی فۆنەتیکو وشەسازیو ڕستەسازی ڕوون بکەینەوە، کە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا کۆمەڵە ئەرکێک بەو دانە بێ واتایە سپێردراوە وەک فۆنیمێک کە دەتوانێت بە گۆڕینو دانانی لە جێی فۆنیمێکی تر ئەرکی گۆڕینی واتای وشەی پێ دەسپێردرێت. هەروەها لەڕووی بزوێنیو نەبزوێنی ئەو ( و )ە نوێنەرایەتی ئەو دوو فۆنیمە، یان ئەو دەنگە دەکات، کە بەهۆی هەندێ یاساو ڕێسای تایبەتی زمانی کوردی لە یەکتری جیادەکەینەوە، بێجگە لە کۆمەڵێ ئەرکی تریش.

لەڕووی وشەسازییەوە وەک مۆرفیمێکی بەندی داڕشتن توانای پێکهێنانی وشە، یان ناوی داڕێژراوو لێکدراوی هەیە، کە دەبێتە هۆیەکیش بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی کوردی.

هەروەها لەڕووی ڕستەسازیشەوە، دەتوانێت ئەرکی ڕێزمانی بەجێ بگەیەنێت چ لە بەستنەوەی دوو ڕستە سادە پێکەوە، یان لە ڕستەی ئاوێتەدا ڕستەی شوێنکەوتوو دەگەیەنێت بە ڕستەی

سەرەکی، کە لەم بارەدا وەک ئامرازی پێوەندی دەردەکەوێت، کۆمەڵی ئەرک لەناو ڕستە دەبینێت...هتد.

## بەشی یەکەم: فۆنیمی ( و ) لە ئاستی دەنگسازیدا:

دەنگسازی ئاستێکە لە ئاستەکانی زمان، ئەو زانستەیە کە مامەڵە لەگەڵ دەنگەکانی زماندا دەکات. بەواتایەکی تر ئەو زانستەیە کە لە دەنگ و فۆنیمەکانی زمان دەکۆڵێتەوە. زۆر لە زانایان و زمانەوانی زمانی کوردیش لەم زانستەیان کۆڵیوەتەوە، لەبەر ئەوە ناکرێت هەر یەکەیان یادداشت بکرێت، بۆیە بەکورتی یەک دوو نموونە لەو بۆچوونانە دێنینەوە کە باسیان لەو زانستە کردووە:

دەنگسازی بەشێکە لە زمانناسیی، زانستێکە لەبارەی پێکهاتنی دەنگی زمان لە دروستبوون و ئەرکی بچووکترین دانەی بێ واتایی زمان (فۆنیم، بڕگە) دەکۆڵێتەوە.(د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٠: ٣).

دەنگسازی ، ئەو زانستەیە کە لەو دەنگانە دەکۆڵێتەوە کە لە دەمی(زار) مرۆڤەوە بەڕێکوپێکی دەردەچن و وشەی واتاداری زمانیان لێوە پەیدابێ.(محمد ئەمین هەورامانی:١٩٧٤: ١٧).

هەروەها فۆنەتیک ئەو لقە زانستی زمانەیە کە لە دروستکردن و گواستنەوە و وەرگرتنی دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە.(د.وریا عومەر ئەمین:٢٠٠٤: ٤٦) چەندین پێناسە و ڕوونکردنەوەی تر کە لەلایەن زمانەوانانەوە لەبارەی دەنگسازیەوە کراون ، بەڵام لەبەر پێویستی لێکۆڵینەوەکە ئەم چەند نموونانەمان هێنایەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەنگسازی بەسەر دوو لق دابەش دەبێت:

١- فۆنەتیک ٢- فۆنۆلۆجی .

فۆنەتیک لە وشەی (Phonetikos )ی یۆنانییەوە هاتووە کە لە (Phon- دەنگ)ەوە وەرگیراوە، فۆنۆلۆجیش لە زمانی یونانییەوە وەرگیراوە لە (Phon= دەنگ و Log – زانست ) پێکهاتووە. فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی دوو بواری جیاوازن، هەریەکەیان باسی لایەنێکی دەنگسازی دەکات و هەریەکە ئامانج و پەیڕەوی تایبەتی خۆی هەیە لەشیکردنەوەدا، فۆنەتیک ڕوونکردنەوەمان بۆ دەکات لەسەر دەنگەکانی زمان، کە چۆن ئەم دەنگانە دروست دەبن و هەڵوێستی ئەندامەکانی ئاخاوتن (لێوەکان، ددانەکان، گەروو، دەم، پووک...هتد ) لەکاتی دروستبوونی ئەو دەنگانەدا چۆنە، فۆنەتیک تایبەتی و سیماکانی هەر دەنگێک ڕوون دەکاتەوە، فۆنۆلۆجی لەیاسای دەنگەکانی زمان دەکۆڵێتەوە.

فۆنیمی( و ) لە ڕووی دەربڕینەوە:

فۆنیمی ( و ) وەک بزوێن و نەبزوێن خۆی دەنوێنێت لەهەردوو شێوەکەدا لەڕووی درکاندنەوە تایبەتمەندیی خۆی هەیە:

## یەکەم: تایبەتییەکانی فۆنیمی ( و ) وەکو بزوێن لەڕووی دەرکاندنەوە:

فۆنیمی ( و ) وەک بزوێنێک زۆربەی ئەو نووسەرانەی ئاماژەیان بۆ دەنگەکانی زمانی کوردی کردبێت، فۆنیمی ( و )یان وەک دەنگێکی بزوێن و نەبزوێن دیاری کردووە، بەڵام کێشەکە لەوێدایە کە ئەم ( و )ە لەجێگەیەک بزوێنە و لە جێگەیەکی تر نەبزوێنە، کە بۆ جیاکردنەوەیان لەیەکتری هەندێ یاساو ڕێسای تایبەتی خۆی هەیە، کە لە جێگەیەکی تری ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دیاری دەکەین. کە لە ڕووی دەربڕینەوە خاوەنی ئەم تایبەتیانەی خوارەوەیە:

١- فۆنیمی ( و ) لەبارەی چۆنێتی جووڵانەوەی زمان بە شێوەی ئاسۆیی بزوێنی ڕیزی ناوەڕاستە، ئەوەش ئەم بزوێنانە دەگرێتەوە: ( و، i ، ە ).

٢- فۆنیمی ( و ) لەبارەی ڕادەی هەڵبڕین و دانەواندنی زمانیشەوە – واتە لە شێوەی ئەستوونی جووڵانەوەی زمان بە بزوێنی ناوەڕاست دەژمێردرێت، کە ئەم بزوێنانە دەگرێتەوە: (ێ، و، ۆ، i).

٣- لەڕووی بزوێنی کورت و درێژیشەوە، فۆنیمی ( و ) سەر بە بزوێنە کورتەکانە.

٤- لە کاتی دەربڕینی فۆنیمی ( و ) لەسەرێکەوە هەردوو لێو بەرەو پێشەوە دەچن و لەیەک نزیک دەبنەوەو خڕ دەبن.

٥- لەکاتی دەربڕینی دەنگی بزوێنی ( و ) چەناگەی خوارەوە یارمەتی کەمو زۆری کردنەوەی دەم دەدات، بەڵام کردنەوەیەکی کەم.(بڕوانە: د.نەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦: ٣١)،(محمد ئەمین هەورامانی:١٩٨١: ١٠٤)(تۆفیق وەهبی:١٩٥٦: ١١، ١٣)...هتد.

## دووەم: تایبەتییەکانی فۆنیمی ( و ) وەکو نەبزوێن لەڕووی دەرکاندنەوە:

فۆنیمی ( و ) یەکێکە لە دەنگە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی، یەکێکە لەو دەنگانەی کە بەشداری لە پێکهێنانی بڕگەو وشەدا دەکات، کە خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانەیە:

١- لەڕووی (کپ)ی و (ئاوازەدار)یەوە بەر دەنگە ئاوازدارەکان دەکەوێت.

٢- لەڕووی دەربڕیندا سەر بەجۆری (خشۆک)ە.

٣- فۆنیمی (و) بەشێوەی دەربڕیندا دەنگێکی کەم دەنگە.

٤- فۆنیمی (و) دەنگێکی (لێوەکی)یە- واتە لەشێوەی دەربڕینشدا هەردوو لێو بەشداری لەدەربڕینی دەکات. کەواتە دەنگی (و) بەشوێنی دەربڕیندا (لێوەکی)یە، لە گۆکردنیدا هەردوو لێو کار دەکەن.(د.نەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٦: ٤٥-٤٦).

هەروەها فۆنیمی (و- w ) ناوازەداری لێوییە، کە لە سەرەتاو نێوەڕاستی وشەدا دەبێت، بەهێز گۆ دەکرێت(هەردوو لێو خڕ دەبن و بۆ پێشەوە دەچن)، کە لە کۆتایی وشەدا دەبێت و لەدوای دەنگی بزوێن دێت، دەربڕینی بەهێز پێویست ناکات.(ک.ک.کوردۆییێف:١٩٨٤: ٥٠).

- پێگەی فۆنیمی ( و ) لەگەڵ یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی:

١- دەنگە گۆڕکێ:

هەندێ جار دەنگێ جێگای دەنگێکی دیکە وەردەگرێ، یاخود لەیەک نزیک دەبنەوە. لێرەدا ئەوەی پەیوەندی هەبێت بەلێکۆڵینەوەکەی ئێمە تەنها ئەو حاڵەتانەن کە تێیدا فۆنیمی ( و ) جێگەی فۆنیمێکی تر لە وشەیەکی تر دەگرێتەوە، کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

١-گۆڕینی ( م ) بۆ ( و )، وەک:

دامێن ............ داوێن

دەم .............. دەو

نیم ............... نیو

٢- گۆڕینی ( ف ) بۆ ( و )، وەک:

خەفت ......... خەوت

حەفت ......... حەوت

٣-گۆڕینی ( ڤ ) بۆ ( و )، وەک:

چاڤ ............ چاو

ناڤ ............. ناو

ناڤ............... ناو

٤- گۆڕینی ( ب ) بۆ ( و )، وەک:

دەربەست ....... دەروەست

دابەزە......... داوەزە

٥- گۆڕینی ( و ) بۆ ( i )، وەک:

کورم ......... کرم

٦- گۆڕینی ( هـ ) بۆ ( و )، وەک:

هشک ........ وشک

هشیار......... وشیار

هرچ ........ ورچ

هتد.......................

بێگومان ئەوجیاوازیانەی لەسەرەوە دیاریکراون پەیوندییان بە دیالێکت و شێوەزارە جیاجیاکانی زمانی کوردییەوە هەیە، کە ئەو دیاردەیەش نەک هەر لەزمانی کوردی، بەڵکو لەزۆربەی زۆری زمانەکانی تری جیهاندا هەیە.

### ٢- پەیدابوونی دەنگ:

- ئەگەر ناوێک کۆتایی بە دەنگی بزوێنی ( وو )بێت و نیشانەی ( ان )ی کۆی بخەینە سەر، ئەوە لە نێوان ناوەکەو نیشانەکەدا ناوبەندێکی وەکو ( و- W ) دێتە کایەوە، هەروەها بزوێنی ( وو )ی کۆتایی وشەکە کەمێک لە باری ئاسایی کورتر دەوترێت، وەک:

بەڕوو + ان = بەڕووان

پیاو بە بەڕووان تێرنابێت.

مووروو + ان = مووروووان

عومری گەیشتە شەستە مووروووان ئەکاتە دەستە (پەندی پێشینان:٣٠٥).

بازوو + ان = بازووان ...هتد.

لەگەڵ ئەوەی یاسای پەیدابوون لە گۆڕێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا کورتکردنەوە هەیە، وەک دەوترێ ( بەڕوان، مووروان، بازوان...هتد).(د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٤٩ ).

-هەروەها ئەگەر ناوێک کۆتایی بە بزوێنی ( وو )بێت، نیشانەی ناسیاوی ( ەکە )ی بخەینە سەر، ئەوە لە نێوان ناوو نیشانەکەدا ( و )ێکی نەبزوێن دێتە کایەوە، بەڵام بۆ ئەوەی سێ ( و ) بە دوای یەکدیدا نەیەن ( و )ێکی لێ لادەبرێت و بزوێنی ( وو)ەکەش سووکتر دەردەبڕدرێت( د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٩١)، وەک:

دەزوو + ەکە = دەزووەکە

مێژوو + ەکە = مێژووەکە ...هتد.

- هەندێ جار کە نیشانەی ( ات ) بەکاردێنین بۆ کۆکردنەوە، ئەوا هەندێ جار لە نێوان ناوو نیشانەکەدا دەنگی ( و ) پەیدا دەبێ، بەتایبەتی ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە دەنگی بزوێن هاتبێ،(د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ١٥٠) وەک:

ئاغا + و + ات = ئاغاوات

دەمێکە ئاغاوات هێزیان نەماوە.

سەوزە + و + ات = سەوزەوات ...هتد.

- هەروەها لە کاتی بەکارهێنانی نیشانەی ناسیاوی ( ە ) بۆ سەر ناوێک، ناوەکە کۆتایی بە بزوێنی ( وو ) هاتبێت، ئەوسا لە نێوان وشەو نیشانەکەدا دەنگێکی نەبزوێنی ( و – W ) دێتە

كايەوە، هەروەها بزوێنی ( وو )ی کۆتایی وشەکە کەمێک کورتر لەباری ئاسایی دەوترێت(د.ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ٢٠٠)، وەک:

جوو + و + ە = جووە

...جووە زۆر هات و چۆی ماڵی پادشای دەکرد (تحفه مظفریه، ب١، ١٩٧)

توو + و + ە = توووە

لەگەڵ بەشە ناخاوتنی ( ژمارە )ش بەر هەمان هۆکار دەکەوێت، کاتێ کە ژمارەی بنچی کۆتایی بە بزوێنی ( وو )بێت و نیشانەی ( ەم، ەمین ) بخەینە سەر ئەوا لە نێوان ژمارە و نیشانەکەدا دەنگێکی نەبزوێنی ( و )ی نەبزوێن دێتە کایەوە، هەروەها بزوێنی ( وو )ی کۆتایی وشەکە یان ژمارەکە کەمێک لەباری ئاسایی کورتر دەوترێت، وەک:

دوو + و + (ەم، ەمین )= دووەم / دووەمین

- گۆرینی ( ۆ ) بۆ ( و ) لەبەشە ئاخاوتنی چاوگدا:

گۆڕینی دەنگی ( ۆ ) بۆ ( و ) وەک لەم بارەدا دەردەکەوێت:

ئەو کردارانەی ڕەگی ڕانەبردوویان کۆتایی بە ( ۆ ) هاتبێ، دەبنە ( و )، وەک:

| چاوگ | ڕەگی کاتی ڕانەبردوو | دوا دەنگی ڕەگ | گۆڕران | کرداری کارا بزر |
|---|---|---|---|---|
| خواردن | خۆ | ۆ | و | دەخورێ/ خورا / خوران |
| شووشتن | شۆ | ۆ | و | شوران/ دەشورێ/ شورا |

-لە کاتی ڕانەبردوودا تەنها بۆ کەسی سێیەمی تاک بزوێنی ( ۆ ) دەگۆڕێت بۆ ( و ) ، وەک:

دە + خۆ + ات = دەخوات

دە + شۆ + ات = دەشوات

ئەمیش دیارە بەهۆی کارتێکردنی یاسای فۆنۆلۆجی زمانی کوردییە، کە گۆڕانی ( ۆ ) بۆ ( و ) لەبارترە وەک لە گۆڕینی بۆ دەنگێکی تر، چونکە سازگەی دروستبوونیان لەنێو ئەندامەکانی ئاخاوتنەوە نزیکە لە یەکدییەوە. کەچی ئەم گۆڕینی دەنگە لە کاتی فرمانی داخوازی گۆڕانکاری بەسەردا نایات، وەک:

ب + خۆ + ە/ن = بخۆ / بخۆن

ب+ شۆ + ە / ن = بشۆ / بشۆن ...هتد.

- جیاکردنەوی (و)ی بزوێن و نەبزوێن لە یەکتری:

ئەم (و)ە کە لە رووی زاراوەوە پێی دەوترێت ئامرازی لێکدەر(ربگ) لە زمانی کوردیدا دوو حاڵەتی هەیە:

حاڵەتی یەکەم: کە بە دوا بزوێندابێت خۆی دەبێتە کۆنسۆنانتێکی وەستاو، وەک: ( سەرما و گەرما، ئازا و مەرد، دزی و فزی، دێ و شار، چەقۆ و هەسان) بەڵام کە بەدوا (و)ی بزوێنی تیژدا هات، (و)ی پێوەند دەبێت کورتە بزوێنێکی پێ بدرێت، بۆ ئەوەی دیاربکەوێت، وەک کە بمانەوێت بە دوا وشەی ( بەڕوو )دا ( و )ی پێوەند بێت، ( و )ە پێوەندەکە بزوێنێکی وەک (چمە)ی عەرەبی بدرێتی، کە ئەگەر بەڕێنووسی عادەتی بینووسین بەم شکڵە دەنووسرێت (بەڕوو وو مازوو)، بەڵام نووسەران لە حاڵەتی وەهادا لە جیاتی زیادکردنی کورتە بزوێنی (و) بە دوای ( و )ی پێوەندیدا تەنیا ( و )ێک دەنووسن لە وشەی پێش خۆی دوور دەخەنەوە، وەک:

( دوو و سێ، دەزوو و دەرزی...هتد).

حاڵەتی دووەم: کە بە دوا کۆنسۆنانتدا دێت بۆ خۆی دەبێتە بزوێن، وەک:

بەرد و دار، هەنار و سێو، گورگ و مەڕ...هتد(ڕێزمانی ئاخاوتنی کوڕ:٢٠١١: ٢٨٦-٢٨٧).

## بەشی دووەم: ئەرکی مۆرفیمی ( و ) لە ڕووی وشەسازییەوە:

-مۆرفیمی ( و ) وەک مۆرفیمی بەندی داڕشتن:

مۆرفیمی ( و ) وەک بەندی داڕشتن  بەشداری لە پێکهێنانی وشەی، یاخود ناوی داڕێژراوو لێکدراو دەکات، بەم شێوەیەی خوارەوە:

-ئەرکی (و) وەک پاشگر:

### ١- ناوی داڕێژراوی ئاسایی بەهۆی پاشگری (و):

- ناوەڵکردار + پاشگری ( و )، وەک:

پاش + و = پاشو / ڕۆژ + و = ڕۆژو / خوار + و = خوارو / سەر + و = سەرو/ دەر + و = دەرو...(جمال عەبدول: ٢٠٠٨ : ٨٦ ).

کەند + و = کەندو  / دان + و = دانو (ڕۆژان نووری :٢٠٠٧: ٧٥). لەو نموونانەی سەرەوەدا گومان لەوە دەکرێت پاشگری (وو)بێت، نەک (و)، چونکە کاتی دەخوێندرێتەوە وەک بزوێنی (وو)ی درێژ دێتە بەرگوێ.

ڕۆژان نووری لە کتێبی (فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی)دا لە لاپەڕە(١٦٦-١٦٧) ئاماژەی بۆ ئەرکی ( و ) وەک پاشگر کردووە کۆمەڵێک خاڵ و نموونەی بۆ دیاری کردووە، کە بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

أ- پاشگری ( و ) لەگەڵ هەندێ وشەدا ناوی داڕێژراو دروست دەکات:

دان + (-و ) = دانو  / ڕۆژ + ( - و ) = ڕۆژو / داس + (- و ) = داسو / باز + (- و) = بازوو / ماس + (- و ) ماسوو

واتای بچووككردنەوە دەگەیەنێت: بان + وو = بانوو

ب- لەگەڵ ناوەڵناوی (جوان) ناوی داڕێژراو دروست دە كات، وەك:

جوان + ( - وو ) = جوانوو

ج- ناوی كارا لە كاری تێنەپەڕ دروست دەكات:

هاتوو / نووستوو / لێهاتوو...

بەڵای ئێمەوە نووسەری ناوبراو لە دیاریكردنی ئەركی ( و ) وەك پاشگر لەو نموونانەی سەرەوەدا زۆر ورد نەبووە، چونكە هەر لە لقی (أ ) تاكۆتایی هیچیان بە پاشگری (-و) لەقەڵەم نادرێن و بزوێنی درێژی (وو)ن نەمە لەلایەك ، لە لایەكی ترەوە نووسەر خۆیشی لەنموونەكانیدا دوو ( وو )ی نووسیوە، كەچی باسەكەشی دەربارەی ئەركی ( و )ە وەك پاشگر.

## ٢- ناوی بەركار بە هۆی پاشگری (و):

بەم شێوەیەی خوارەوە بەشداری دەكات:

- قەد + پاشگر = ناوی بەركار

ڕنی + و = ڕنیو / سووتا + و = سووتاو / برژا + و = برژاو / گیرا + و = گیراو

شكا + و = شكاو ...هتد.(د.نەورەحمانی حاجی مارف: ٢٠٠٤: ٣٥٣).

پاشگری ( - وو ) كە بەشداری لە پێكهێنانی (ناوی بەركار) دەكات، كاتێ كە بە دوای دەنگی نەبزوێندابێت، بەڕەوانی دەردەكەوێ دەمێك دەكەوێتە پاش بزوێنی ( ا ، ی )یەوە، شێوەی ( و – w ) وەردەگرێ لەدوا دەنگی (وو)شەوە، یەكێكیان دەمێنێتەوە، بەوێنە

أ- بەدوای نەبزوێندا

| چاوگ | قەد | پاشگر | ناوی بەركار |
| --- | --- | --- | --- |
| خواردن | خوارد | وو | خواردوو |

ب- بەدوا بزوێنی ( ا ، ی )یەوە:

| چاوگ | قەد | پاشگر | ناوی بەركار |
| --- | --- | --- | --- |
| سووتان | سووتا | وو....(و-w) | سووتاو |

٣- ناوی بكەر بە هۆی پاشگری(و):

دوو جۆری لێ دەبێتەوە :

١- ناوی بكەری داڕێژراو ٢- ناوی بكەری لێكدراو

بەم شێوەیەی خوارەوە بەشداری لە پێكهێنانی ئەو دوو جۆرە ناوەدا دەكات:

١- ناوی بكەری داڕێژراو:

قەدی کرداری تێنەپەڕ + پاشگری(و) :

کەڕا + و = کەڕاو / داما + و = داماو ...هتد.

٢- ناوی بکەری لێکدراو بە هۆی پاشگری (و):

وشەیەکی واتادار + قەدی کردار + پاشگری (و):

ماڵ + شێوا + و = ماڵ شێواو

جگەر + سووتا + و = جگەرسووتاو

جەرگ + بڕا + و = جەرگ بڕاو...هتد.(د.نەورەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٤: ٣٥٩).

م.مسعود محمد لەبارەی ڕۆڵی ئەم پاشگرە لە ناوی کارادا، دەڵێت: پاشگری ( - و ) کە پێکهێنەری کارا(فاعل) یاخود وەسفی کارایە پاشگرێکی بە بڕشتی فەرهەنگە، لەگەڵ کارداو لەگەڵ ناودا وەسفی کارا پێکدەهێنێ.(مسعود محمد:٢٠١١: ١٤٦).

- ئەرکی ( و ) وەک ناوگر((Infix:

( و ) وەک مۆرفیمی بەندی داڕشتن ڕۆڵی لە دروستکردنی وشەی نوێ هەیە، کە ئەویش وەک ناوگرێک لە زمانی کوردیدا دەردەکەوێ، وەک لەم نموونەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

دژ ............دوژمن

وشەی ( دوژمن ) لە بنجی ( دژ ) دروست بووە، بەهۆی ناگری ( - و - )، (سەرباز خۆشناو:ناوگر لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (زمانناسی)، ژ(١١)، هەولێر:٢٠١١).هەروەها لەهەندێ شێوەزاردا هەمان وشە بە ( دوشمن ) گۆدەکرێت ئەویش بەهۆی یاسای توانەوەیە لە زمانی کوردیدا، کە دەنگە ( ناوازەدارەکان ) کار دەکەنە سەر دەنگە ( کپ )ەکان و دەیانگۆڕن.

- ئەرکی (و) وەک ناوبەند(Interfix)

هەروەها وەک مۆرفیمێکی بەند لە پێکهاتەی ئەم بەشە ناخاوتنانەی خوارەوەدا بەشداری دەکات، کە بەزۆری یارمەتی وشەی لێکدراو دەدات جا ئەو وشەیە (ناو یان ناوەڵناو یان ژمارە یان ناوەڵکردار یان چاوگی لێکدراوبێت:

١- ناوی لێکدراو:

بەم شێوەیەی خوارەوە بەشداری لە پێکهێنانی ناوی لێکدراو دەکات:

أ- دوو ناوی سادە بە یارمەتی ( و )ی ناوبەند، وەک:

خورماوڕۆن، دەموچاو...هتد.

ب- ناوەڵناوێک و ناوێکی سادە بە یارمەتی ( و )ی ناوبەند، وەک:

ڕەشوڕووت، گەندوگو، مرومۆچ، قرچوهوور...هتد.

ج- ناوێکی سادەو ڕەگی کردار بەیارمەتی ( و )ی ناوبەند، وەک:

دەستوبرد...هتد.

د- دووپەگی کردار بەیارمەتی ( و )ی ناوبەند، وەک:

هاتوچۆ، گفتوگۆ، مشتومال...هتد.

هـ- ناوێکی سادەو وشەیەکی بێ واتا بەیارمەتی ( و )ی ناوبەند، وەک:

قەرزوقۆڵ، گژوگیا، گوڵومول...هتد.

و- پەگی کرداروو وشەیەکی بێ واتا بەیارمەتی ( و )ی ناوبەند، وەک:

کوڵوکۆ...هتد.(د.نەورەحمانی حاجی مارف: ١٩٧٩: ١٣٤-١٣٦).

ئەو ناوە لێکدراوانەی بە یاریدەی ( - و ) سازدەبێت، کەرتەکانیان سەربەخۆن، واتە پەیوەندی دیارخەرو دیارخراوی لە نێوانیاندا نیە وەک:

دەنگ + و + باس = دەنگوباس

٢- ناوەڵناوی لێکدراو:

بەم شێوەیەی خوارەوە ( و )ی ناوبەند دەتوانێت بەشداری لە پێکهێنانی ناوەڵناوی لێکدراو بکات:

أ- ناوەڵناو + ناوبەندی( و ) + ناوەڵناو، وەک:

کەڕولاڵ / سووروسپی...هتد.

ب- ناوەڵناو + و + وشەیەکی بێ واتا، وەک:

ڕەقوتەق / نەرمونۆڵ.

لەهەندێ جێگەدا مەرج نییە ئەگەر ( و )یەک لەگەڵ دوو وشەی هاوواتای یەکتریدا بێت، کاری لێکدان لەناراددابێت، بەڵکو لەوانەیە تەنیا هاتنی دوو ناوەڵناوی هاوواتابێت و بە دوای یەکدا ( و )ی پێوەندی لە نێوانیاندا بێت و لێکدان لە ئارادا نەبێت، بۆ نموونە لە وشەیەکی وەک: پاک و خاوێنی

لەم نموونەیەی سەرەوە بە وشەی لێکدراو ناژمێردرێن بەڵکو جووتەوشە یە .

### ٣- ژمارەی لێکدراو:

( و ) وەک ناوبەندێک بەم شێوەیەی خوارەوە لە پێکهێنانی ژمارەی لێکدراودا بەشداری دەکات، وەک:

ژمارە + و + ژمارە = ژمارەی لێکدراو

بیست وسێ / سی ودوو / چل ونۆ...هتد.

ژمارەی وەک ئەوانەی سەرەوە بە یاریدەی ( و )وە پێکەوە بەستراون. چۆن دەشێ وا بیربکرێتەوە کە وشەی لێکدراون و لە دوو ژمارە پێکهاتوون و بە یاریدەی ناوبەندی ( و ) پێکەوە بەستراون، هەروەها دەلوێ وا لێک بدرێتەوە، کە وشەی لێکدراو نەبن و دوو وشەبن و ( و )ی پێوەندی لە

نێوانیاندا هەبێ.(د.نەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ٥٨). بۆیە دەکرێ بە وشەی لێکدراو لەقەڵەم بدرێ، چونکە ژمارەی وەک نەوانەی سەرەوە لەسەر بناغەی کۆکردنەوە پێک دێ. هەروەها پێویستە ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە لە نێوان کوردەکانی ئازەربایجاندا بەتایبەتی لەنێوان بەساڵاچووەکاندا، ژمارەی (١١) تا (١٩) بەم شێوەیەی دەبینرێ:

١١- دەویەک

١٢- دەودوو

١٩- دەونۆ/ دەونەهـ

بەزۆرییش ( د )ی سەرەتای ( دە ) دەکەنە ( ت )و دەڵێن:

تەویەک / تەودوی...تەونەهـ (د.نەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ٧٣).

هەروەها لەناو هەندێ ناوچەدا، ناوچەی کوردەواری، بەتایبەتی لەناو ئافرەتاندا، (دەویەک، دەودوو، دەوسێ...) بۆ مەبەستی (یانزە)، (دوانزە)، (سیانزە) بەکاردێ.(محمد امین هەورامانی:١٩٨٧: ٧٢فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ).

لە زمانی کوردیدا ئەو ژمارانەی لە نێوان (بیست)و (سەد)ان (جگە لە دەیییەکان) بەوشێوەیەی خوارەوە سازدەبن:

٢١ – بیست + و + یەک= بیستویەک

٣١- سی + و + یەک = سیویەک

.................................

٩٩- نەوەد + و + نۆ = نەوەدونۆ

ئەمە لە دیالێکتی کرمانجیی ژووروشدا بەهەمان چەشنە، بەوێنە:

٢٤- بیست + و + چار = بیستوچار

..............هتد.

### ٤- ناوەڵکرداری لێکدراو:

( و )ی ناوبەند بەم شێوەیەی خوارەوە بەشداری دەکات:

تێر + و + پڕ = تێروپڕ

جار + و + بار= جاروبار

– ناوەڵناو + ناوبەندی(و) +وشەیەکی بێ واتا:

کورج + و + کۆڵ = کورجوکۆڵ ....هتد.(د.نەورەحمانی حاجی مارف:١٩٩٨: ١٦).

– ناوەڵکردار + ناوبەندی(و) + ناوەڵکردار:

خوار +و+ ژوور = خواروژوور ...هتد.(محمد امین هەورامانی:١٩٨١: ٢٥٥، ٢٥٧).

– ناوبەندی( و ) لە نێوان وشەی لێکدراوو جووتەوشەی لێکدراودا:

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ڕۆڵی ( و ) وەک ناوبەندێکو ئەرکی لە بەستنەوەی وشەی لێکدراوو جووتەوشەی لێکدراودا، باشتر وایە جیاوازییەکی کورت لە نێوان ( وشەی لێکدراو )و ( جووتە وشەی لێکدراو) بکەین، پاشان ئەو ڕۆڵەی ( و ) ڕوون بکەینەوە:

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی سەرەوە بەکورتی باس لە مەرجەکانی جووتەوشە دەکەین، بۆ ئەوەی تێڕوانینێکی هیچ نەبێ کەمیش بێت لایەنی ئەو جیاوازییەمان بۆ ڕوون بکاتەوە.

جووتەوشە کاتێک بە جووتەوشە دەژمێردرێت کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت:

أ- هەردوو کەرتەکە یەک واتا بدەن بەدەستەوە(یەکیتی واتایی).

ب- هەمیشە ئەم دوو کەرتە دەبێ بەیەکەوەبێن، واتە هیچ لەم دوو کەرتە فڕێ نادرێ.

ج- بە گشتی دەبێ ئامرازێکی بەستن لە نێوانیاندا هەبێت.

د- دوو کەرتەکە بە زۆری پاش و پێش ناکەن.

هـ- هەردوو کەرتەکە دەبن بە سەرە بۆ ڕۆنانەکە، واتە دوو دەرخراو بەیەکەوە دێن لە ڕووی ڕێزمانییەوە.

و- دوو کەرتەکە لە یەکتری ناترازێن، واتە کەرەسەیەک ناچێتە نێوانیانەوە.(کەوسەر گەلاڵی:٢٠٠٦: ١١٦). ئەم خاڵانەی سەرەوە تارادەیەک دەبێتە هۆی ڕوونکردنەوەی جیاوازی نێوان وشەی لێکدراوو جووتەوشە، بۆ نموونە جووتەوشەیەکی وەک (پاک‌وخاوێنی) بە جووتەوشە دادەنرێت، بەڵام وشەیەکی وەک (هێلکەوڕۆن) بە وشەیەکی لێکدراو دادەنرێت، چونکە ناوێک، یاخود زاراوەیەکە بۆ ئەو ژەمە خواردنەی کە مرۆڤ دەیخوات . هەروەها کەرەستەی تر ناتوانێت خۆی بخزێنێتە نێو پێکهاتەکەیەوە بۆیە بە وشەی لێکدراو دەژمێردرێت ...هتد.

لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەی جووتەوشە چەندین زاراوەی بۆ بەکارهاتووە لەوانە (جووتە وشەی لێکدراو، ناوەڵوشە، جووتەناو، لێکدراوی بەستراو، لێکدراوی ناوبەناو) ئەم زاراوانە هەندێکیان ناگونجێن و تەمومژ دروست دەکەن(کەوسەر گەلاڵی:٢٠٠٦: ١١٦) بۆ نموونە جووتەناو خۆی جۆرێکە لە وشەی لێکدراوو ناکرێت هەردووکیان یەک ناویان هەبێت. هەندێکی تریشیان جۆرێکن لە جووتەوشە وەک: وشەی لێکدراوی بەستراو.

بۆیە دەبینین کە ( و ) بەستنەوە ڕۆڵێکی زۆر سەرەکی دەبینێت لە ڕۆنانی جووتەوشە، بەوێنە: ( ئاوو خاک، بنەوبنەچە، پڕوپووچ، توندوتۆڵ، جرت‌وفرت، خەووخەیاڵ، دەماودەم، ڕازونیاز، ژن‌وژان، ساردوسڕ، شڵپ‌وهۆڕ، عەیب‌وعار، فڕوفێڵ، قات‌وقڕ، کەین‌وبەین، گژوگیا، لات‌ولووت، ماڵ‌ومنداڵ، نازوناووز، وردودرشت، هات‌وهووت، یاروئەغیار...هتد) بەڵام ئەم ڕۆڵە لە ڕۆنانی وشەی لێکدراودا نابینرێت .

## بەشی سێیەم: ئەرکی مۆرفیمی ( و ) لەڕووی ڕستەسازییەوە:

له ناستی ڕستەسازیدا ( و ) ئەرکی ڕێزمانی دەگێڕێت، کە ئەویش وەک (ئامرازی لێکدەر)ی دەردەکەوێت، ئامرازی لێکدەر ئەو جۆرە ئامرازانەن، کە دوو ڕستەی سادە بەیەکەوە دەبەستێتەوەو بەزۆری یاریدەی ڕۆنانی ڕستەی لێکدراو دەدەن، یان لە ڕستەی ئاوێتەدا ڕستەی شوێنکەوتوو دەگەیەنێتە ڕستەی سەرەکی.(د.ئەورەحمانی حاجی مارف:٢٠٠٤: ١٣). ئەو ئامرازانەش لە زمانی کوردیدا ژمارەیان زۆرەو ( و )یش یەکێکە لەو ئامرازانە.

ئامرازی لێکدەر(ربگ- conjunctio ):

- لە ڕووی زاراوەوە:

١- مامۆستا سەعید سدقی لە لاپەڕە (٦٥)ی صرفی‌و نحوی کوردیدا وشەی (عکف)ی بۆ داناوە لە نموونەدا دەڵێت: (ئەحمەدو مەحموودو محەمەدیش چوون بۆ مەکتەب). لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت، کە تەنیا (و، ش) ی بە ئامرازی عکف داناوە.

٢- مامۆستا تۆفیق وەهبی لە دەستووری زمانی کوردیدا لە لاپەڕە (١٥) لە باسی بەشەکانی ئاخاوتندا وشەی (لێکدەر)ی بەکارهێناوە، هەروەها لە لاپەڕە (١٩) بەندی (٧٠) ئەداتی (یەکخەر)یشی بەکارهێناوەو ئەم ڕستەیەی بەنموونە هێناوەتەوە: بەفرو باران پێکەوە بارین.

٣- مامۆستا کوردییف لە کتێبی ڕێزمانی کوردی کە ساڵی ١٩٧٠لەچاپ دراوە لە لاپەڕە (١٢١)دا، وشەی (پەڤ گرێک)ی بۆ داناوە، وەکو:

گوروڕۆڤی ڕێدا دچوون.

٤- نووری عەلی ئەمین لە لاپەڕە (١٤٦)ی قواعدی زمانی کوردی ساڵی ١٩٥٨ ئامرازی (پێبەست)ی بۆ بەکارهێناوە، وەک:

ژیان‌و ئەرکی ناخۆشی، پەپوولەی ئارەزووی کوشتم

شەرابی جامی دڵداری، لەتافی لاوییا ڕشتم

٥- مامۆستا ڕەشید کورد لە کتێبەکەیدا (ڕێزمانا زمانێ کرمانجی) لاپەڕە (١١٢) ئامرازی (پێوەند)ی بەکارهێناوە.

٦- مامۆستا جگەر خوێن لە کتێبەکەیدا (اواو دەستوورا زمانێ کوردی) لاپەڕە (١٩٨) (تیپی پێوەندی) بەکارهێناوە.

٧- لە کتێبی قوتابخانە ئامادەییەکاندا (زمان‌و ئەدەبی کوردی) ئامرازی بەستنەوە بەکارهێنراوە.

٨- لە ڕێزمانی عەرەبیدا لە کۆنەوە (حروف العکف)یان بۆ بەکارهێناوە.

٩- لە ڕێزمانی فارسیدا، ر، ژوالنور لە کتێبی (دستور پارسی) وشەی (ربگ‌و عکف) بۆ بەکارهێناوە.

١٠- لە ڕێزمانی ئینگلیزیشدا (conjunction )ی بۆ بەکارهێنراوە.

بەڵام ئەو زاراوەیەی تا ئێستا بەكاردەهێنرێت تەنها ئامرازی پێوەندییە.هەروەها لیژنەی كۆڕی زانیاری كورد پاش لێكۆڵینەوەیەكی زۆری ڕاوسەرنجی ئەندامەكانیو ئەو نووسەرانەی لەو زاراوەیان كۆڵیوەتەوە، بڕیاریان دا زاراوەی، یاخود وشەی ( پێوەندی ) بۆ بەكاربێنن.(ڕێزمانی ئاخاوتنی كۆڕ:٢٠١١: ٢٧٨).

- لە ڕووی پێناسینەوە:

١- مامۆستا سەعید سدقی پێناسەی ئەم زاراوەیەی نەكردووە، بەڵام ئامرازی (و)و (ش)ی بە ئامرازی عكف داناوە.

٢- مامۆستا تۆفیق وەهبی بەم شێوەیە پێناسەی دەكات:

ئەداتی (یەكخەر) ئەداتێكە كە دوو كلیمە یا دوو كۆمەڵ كلیمە بەیەكەوە دەبەستێت.

٣- مامۆستا كوردییف بەم شێوەیە لێی دواوە:

پەڤگرێك: ڤان خەبراڕا دبێژن پەڤگرێك (پەڤگرێدان) یێ كو ناڤا، فیلا و جوملا ب هەڤرا گرێ ددن.

٤-مامۆستا نووری عەلی ئەمین، بەم شێوەیە پێناسەی دەكات:

ئامرازی پێبەست واژەیەكە بۆ بەستنەوەی دوو واژە، یا دوو دەستەواژە، یا دوو ڕستە بەكاردەهێنرێت.

٥- مامۆستا ڕەشید كورد، بەم شێوەیە پێناسەی دەكات:

پێوەند پرسەك ئەگو هێزە كو پرسێن وەك هەڤ یان گوفتێن وەك هەڤ دپەڤەكەكێدا (ڕستە) ب هەڤ ددە گرێدان، ئەڤ ژی دو بڕن پێوەندین دوروست، نین نە دوروست.

٦- لە كتێبی (زمانو ئەدەبی كوردی)، بەم جۆرە پێناسەكراوە:

ئامرازی بەستنەوە ئەو وشانەن كە دوو وشە یا دوو ڕستە بەیەكەوە دەبەستنو هەر یەكەیان بۆ مەبەستو واتایەك بەكاردەهێنرێت.

٧- مامۆستا جگەر خوێن بەم شێوەیە پێناسەی كردووە:

تیپی پێوەند ئەون كو بوان چەند گۆتنا یا چەند پەیڤا ب هەڤڕە ل پەی ددن گرێدان و پەرچێ پاشی دكن هەمكارێ ئێ پێشی.

٨- ر، ژوالنور لە كتێبی (دستور پارسی) بەم شێوەیە پێناسە دەكات:

حرفی ربگ یا عكف حرفێكە، كەوا دوو كەلیمە، یا دوو عیبارەت، یا دوو جملە بەیەكەوە ربگ دەدات.

.....هتد . پاش ئەم پێناسانە لەو نووسینانەی كە نووسەرانو زمانەوانانەی لە لێكۆڵینەوەو كتێبەكانیاندا باسی ئامرازی پێوەندییان كردووە، لە زمانی كوردیدا ئەم وشانەی خوارەوە بە ئامرازی پێوەندی دادەنرێن:

( و/ئو، وە، ش/یش، ژی، هەم، بەڵام/بەڵان، وەلێ/لێ، یا/یان/ یانێ، یاخود/ یاخوت/وەیا، نەو، نەک/نەوەک/نەکو/نەوەکو، تا/هەتا/تاکو/هەتاکو/هەتاوەکو، کەی/کەنگێ/کەنگی/کەنگین، کە، چوون/چونکە، گەر/ئەگەر/ئەر-ئەنا/ئەگەنا/ئەگینا ، دەنا، ئەنجا/ئینجا/ئەمجا، بەشکو/بەشکم/بەشکە/بەشکەم، بەڵکو/بەڵکم/بەڵکی/بەڵکە، جگە/بێجگە/بەجگە/جگە، هن، ئۆسا/ئۆساژی، جارا/جاراژی، نە ...نەژی، چ قاس/ ئەوقاس، نە...نە، هەرکە، کەچی...هتد(ڕێزمانی ئاخاوتنی کۆڕ:٢٠١١: ٤٧٩-٤٨٠).

## ( و ) وەک مۆرفیمێکی ڕێزمانی چەند ئەرکێکی سینتاکسی دەبینێ:

ئامرازی ( و ) کە پێی دەوترێ (ئامرازی پەیوەستداری پێکەوەبەستن) ئامرازێکی هێجگار باووبڵاوەو پەیوەستداریشە، دوو ڕستەی سادە بەیەکەوە دەبەستێتەوە ، بۆ نموونە:

تۆ هەتە تیغی دەبان و من هەمە تیغی زبان

لەم ڕستەیەدا دیارە ، کە ( و ) هەردوو ڕستە سادەکانی ( تۆ هەتە تیغی دەبان )، ( من هەمە تیغی زبان )ی پێکەوە بەستوونەتەوە بەستنەوەیەکی تەواو، لەو ڕستە پەیوەستدارەدا دوو بکەر هەیە لەگەڵ دوو فرمان، یانی بۆ هەر ڕستەیەکی سادە بکەرو فرمانی خۆی هەیە دەشبێ بۆ هەر دوو ڕستەکە یەک بکەر هەبێ و دوو فرمان، بۆ نموونە:

ئافرەتێکی سەرە دڵی لەرزی و ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا.

ئەماتە ماسی بگرێ‌و تەڕ نەبێ.

قومار بازیش بێ‌و ئاخر شەڕ نەبێ.

یان بەپێچەوانەوە لە ڕستە لێکدراوە پەیوەستدارەکەدا دوو بکەرو یەک فرمان هەیە، بۆ نموونە:

ئەو ببێت بە کوڕی ئەم‌و ئەمیش بە باوکی ئەو.

لەم ڕستەیەدا، کە ڕستەیەکی لێکدراوەی پەیوەستدارە فرمان لە ڕستەی سادەی دووەمدا نییە، کە دەبوایە (ببێت)بێ هەر وەک دەبوو ڕستە سادەکە ( ئەمیش ببێت بە باوکی ئەو ) لێرەدا فرمانی ( ببێت ) نیە، کە فرمانی ڕستەکەیەو ماوەتەوە. ( ئەمیش بە باوکی ئەو ).

دەربارەی کاتی فرمانەکانی ئەم ڕستانە کە بە یارمەتی ئامرازی ( و )ی پەیوەستدار بە یەکەوە دەلکێن دەبینین، کە لە ڕستەکاندا دیارە فرمانی هەردوو ڕستەکان دەبێ لەیەک کاتدا بن‌و لەگەڵ یەک بگونجێن، لە ڕستەی لێکدراوی پەیوەستداری یەکەم فرمانی هەردوو ڕستەکان لەیەک کاتدان، کە هەردووکیان کاتی ئێستان ( هەتە، هەمە ) کە لە چاوگی (هەبوون)ەوە هاتوون، هەروا لە ڕستەی لێکدراوی دووەمیشدا فرمانی هەردوو ڕستەکان لە کاتی ڕابردوودان ( هەڵگەڕا، لەرزی).

لە ڕستەی لێكدراوی پەیوەستداری سێیەمیشدا كاتی فرمانی دێڕی یەكەم لە نموونەكەدا لە كاتی ئێستادا، فرمانی ڕستەی یەكەم نەرێیە و هی دووەم نەرێیە.

ئامرازی پەیوەستداری ( و ) دەتوانێ دوو وشە پێكەوە ببستێتەوە، بۆ نموونە:

خەیاڵی ئاش و ئاشەوان جویێە هیچیان نازانن دانیان لە كوێیە

پارەی بەخشندەو ناوی ناو بێژنگ وەك پشكۆیە كە بكرێتە ناوچنگ(د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم:١٣٦٧: ٧٥-٧٧).

دیسان:

دیسان مۆرفیمی ( و ) وەك گیرەكی ڕابردووی تەواو تەنها لەو كاتەی نووسەكەكانی پێوەدەلكێن دەبینرێ، ئەویش لە نووسەكەكانی كەسی یەكەم و دووەم بەتاك و كۆیەوە لە كەسی سێیەمی كۆش بەهەمان شێوە، بەڵام كاتێ نووسەكی كەسی سێیەمی تاكی پێوە دەلكێ دەبێتەوە (وە) لەبەر ئەوەی نووسەكی كەسی سێیەم قالبەكەی سفرەو دەرناكەوێ(حەیدەر حاجی: ٢٠١٠: ١٠٦)

سووتاوم / سووتاویت / سووتاوە / سووتاوین / سووتاون / سووتاون ...

بڕاوم / بڕاویت / بڕاوە / بڕاوین / بڕاون / بڕاون .....

## بەكارهێنانی( و )ی پێوەندی لەڕستەدا:

ئەم وشەیە لە ڕستەدا بەم جۆرانەی خوارەوە بەكاردێت:

١- بەیەكەوە بەستنێكی سادەی نێوان دوو وشە پێكدێنێت، وەكو:

من و تۆ هاتین

٢- بەیەكەوە بەستنێكی سادەی نێوان دوو دەستەواژە(فریز) پێكدێنێت،وەكو:

مانگا دۆشین و قەزوان كرۆشتن نەكوتراوە

٣- بەیەكەوە بەستنێكی سادەی نێوان دوو ڕستە پێكدێنێت، وەكو:

جووتیارەكە زەوییەكەی كێڵا و تۆوەكەی پێوەكرد.

٤- وشەی ( و )ی پێوەندی لەگەڵ وشەی (ش)ی پێوەندا بەكاردێت بۆ مەبەستی كۆكردنەوەو تەئكید، وەكو:

منیش و تۆیش دوێنێ بەسەر كراینەوە

دەشچم و پێشی دەڵێم...

٥- لەهەندێ بەكارهێناندا وشەی ( و ) بەسەر یەكەوە بوون و بەردەوامی دەگەیەنێت، وەكو:

دەشت و دەشت ڕۆیی ، ئاوو ئاوچوو .

٧- وشەی ( و )ی پێوەند لەهەندێ بەکارهێناندا جێگۆڕکێی بەردەوام لە دووبارەکردنەوەی وشەدا ڕادەگەیەنێت، وەک:

وەرزێرەکە دەشتاودەشت هات، دارا بانەوبان هاتە ماڵمان، شاخەوشاخ دەڕۆم بۆ کوردستان...

٨- وشەی ( و )ی پێوەند لەڕواڵەتدا وەک لە ژمارە (٣)ی سەرەوەدا هاتووە، بەکاردێت، بەڵام جێگۆڕکە ناگەیەنێت بگرە لە دووبارەکردنەوەی وشەی بەردەوامیو ناراستە دەگەیەنێت، وەک:

دەماودەم کەوت، پشتاوپشت گەڕایەوە...

٩- وشەی ( و )ی پێوەند لە دروستکردنی فرێزی ناوەڵکاری بەشدار دەبێت، وەک:

دەستەونەژنۆ دامەنیشە ، بارامو نارام دەستەویەخەی یەکتربوون...

١٠- وشەی ( و )ی پێوەند لەڕستەدا ( ناراستە ) نیشان دەدات، وەک:

ماڵەکەمان پشتەو ڕۆژە، دارا ڕووەو چیا ڕۆیشت...

١١- وشەی ( و )ی پێوەند هەندێ جار کات پیشان دەدات، وەک:

دەمەوبەهار دەچین بۆ سەیران ...

١٢- وشەی ( و )ی پێوەند لەگەڵ (نە)ی پێوەند کۆدەبنەوەو سەرەڕای دەوری پێوەند، دەورێکی تریش دەبینن، ئەویش ئەوەیە کە بەیەکەوە نەفی دەخەنە سەر دووشت، وەیا پێوەندیی نێوان دوولایەن نەفی دەکەن، وەک:

نەقادرهات و نەبارام ...

١٣- جاری واهەیە لەگەڵ ( و )ی پێوەنددا، ( نە )ی پێوەندو ( ش )ی پێوەندیش بەکاردێت لە ڕستەدا، وەک:

ئەمنیشو ئەتۆیش چووینە حەج.

ئەدەشخۆین و ئەدەشڕۆین...

١٤- هەندێ جار ( و )ی پێوەند لە نێوان دوو ڕستەدا دێت، جگە لە ئەرکی خۆی کە ( پێوەند )ە، ئەو لایەنەش کە (ناوبڕ)ی نییە لە نێوان ڕوودانی دوو کاری ڕستەدا ڕادەگەیەنێت، وەک:

- هەرهاتو هەرای نایەوە.

نوستو هەڵنەستایەوە...(ڕێزمانی ئاخاوتنی کوڕ:٢٠١١: ٢٨١-٢٨٦).

١٥- - لێکدانی دوو فرێزی ئەدڤێربلی کات بە یاریدەی ( و ). (کوردۆلۆجی : ٢٠٠٩: ٢١٠).

- ئەوان شەوو ڕۆژ هەوڵ دەدەن.

- دارا بە هاوینو زستان کتێب دەخوێنێتەوە.

ئەرکی ( و ) لە بەستنەوەی دیارخراودا:

له كاتی نیزافەدا چ له كرمانجیی ژووروو و چ له كرمانجیی خواروودا، مۆرفیمی ( و )ی بەستنەوە ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت، بۆ نموونە ئەگەر له ڕستەدا دوو ناو، یاخود پتر بەیاریدەی ( و )ی پێوەندی پێكەوە بەسترابن و دەوری دیارخراو ببینن، ئەوە دوا ناویان نیشانەی نیزافە وەردەگرێ، بەڵام له ناوەڕۆكدا پێوەندی ئەو نیشانەیە، هەروەها بۆ ناوەكەی سەرەتا – واتە یەكەم –یش دەگەڕێتەوە(د.ئەورەحمانی حاجی مارف:١٩٧٩: ٢٥٢). وەك:

بیست و حەوت ساڵە من ڕەنجبەری تۆم

به نان و ئاوو جل و بەرگی خۆم (بێكەس:ل٢٤)

هەمیشە بەهار لەكەناری چەم

بووبووە لاگیرەو گوڵی سەرپەرچەم (پیرەمێرد:ل١٤١)

مقدارو شكلی هەندەسی

كێم زێدەیەك پێ ناحەسی (جزیری:ل٦٩)

ملك و مالی دنێ لازم دبە ژ بۆ تەنگیی و ڕووەتانە (مەمێ ئالان: ٧٤)

دابەشكردنی فرێزە نەدڤێربڵییەكان بەپێی ڕۆنان:

بەپێی ژمارەی وشە پێكهێنەرەكانیان دەكرێت به سێ بەشەوە:

١- فرێزە سادەكان.

٢- فرێزە ناسادەكان.

٣-فرێزە بەندەكان...(كوردۆلۆجی:٢٠٠٩: ٢٣٨).

ئەوەی لێرە مەبەستمانە (فرێزە ناسادەكان)ە، فرێزە ناسادەكانیش ئەوانەن، كە له دوو وشە، یان زیاتر پێكهاتوون، كە بەچەند ڕێگایەكی جیاواز پێكدێت،لەوانە:

* ناو، لەڕێی:

– ناو + و + ناو = دەموودەست، شەووڕۆژ

– ناو +و/ەو + ئەو وشانەی كە ئێستا سەربەخۆ بەكارنایەن:

تاك و تەرا، دەستەوسان...

* ناوەڵناو، لەڕێی:

– ناوەڵناو + و + ناوەڵناو:

تێروپڕ / دووروونزیك ...

م.نووری عەلی ئەمین له باسی ( ڕێككەوتنی بكەرو كار له ڕستە)دا باسی ئەركی (و) بەم شێوەیە كردووە:

– ئەگەر چەند ( بكەر )ێكی تاك، یا گەل له ڕستەیەكدا، بەبۆنەی ئامرازی پێ بەستەوە درانە دەمیەكتر ئەشێ كاركەیان گەل بێ،(نووری عەلی ئەمین:١٩٦٠: ٤١) وەك:

من و بارامو تۆ ئەچین بۆ سیوەیل.

بزنەکان و مەڕەکان باش ئەلەوەڕێن.

- ئەگەر دوو (بکەر) لە ڕستەیەکدا (و)ێکی پێ بەستی لە بەینیایابوو، بەڵام تەواوکەری مەعنای یەکتربوون دروستە کارەکەی تاک، یا کەل بێ،(نووری عەلی ئەمین:١٩٦٠: ٤١-٤٢)، وەک:

بەفروباران          لە زستانا ئەباری

بەفروباران          لەزستانا ئەبارێن

- دەرکەوتنی ( و ) لە فرمانی نزیک:

چۆن دروست دەبێت؟

لە چاوگی کرتێنراوی تێپەڕو پیتە پاشگری ( و )و ڕاناوی کەسی لکاوو پیتە پاشگری ( ە )، وەک:

کڕین ......... کڕی + و + ڕاناوی لکاو / کڕیوەمە

لە فرمانی تێپەڕدا ئەگەر ئەرێ بێ و تەواوکەرەکەی ناونەبرێ، ڕاناوە کەسییەکانی ئەخرێنە بەینی پیتە پاشگری ( و )و( ە )وەوە، وەک:

چنیومە/ چنیوتە...هتد(نووری عەلی ئەمین:١٩٦٠: ١٦٤-١٦٥).

( نووری عەلی ) بەم شێوەیە لە ئەرکەکانی ئامرازی پێوەندی ( و ) کە ئەو (پێبەست)ی پێ وتووە:

دەلوێ:

١- بۆ یەکخستنی دوو واژە، یان پتر بەکاربهێنرێ، وەک:

گەل تامی ئازادیو سەربەخۆیی چەشتووە (دوو واژە).

من و ئەسرین و دارا لەڕواردا دەرنەچووین (پتر).

٢- بۆ یەکخستنی دوو دەستەواژە یا پتر بەکاربهێنرێ، وەک:

لەخانووەکەی ئێمەو خانووەکەی ئێوەوە ناو لرفەی ئەکردە سەر شەقامەکە. ...هتد

ئەم ئامرازەش لە ڕستەدا:

أ- هەندێ جار ئەو دوو واژەیەی کە بە یەکیێکیانەوە ئەبستێ، لە واتادا لە یەکیان دوور ئەخاتەوە، وەک:

حوشترو حەمام          /          مەیموون و عەبا

ب- هەندێ جاریش لە یەکتریان نزیک ئەخاتەوە(نووری عەلی ئەمین:١٩٦٠: ٢٠٥-٢٠٦)، وەک:

سۆفی و خانەقا          /          هەورو بەهار

## ئەنجامەكان:

لە كۆتایی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- ( و ) وەك فۆنیم ئەركی گۆڕینی واتای وشە دەبینێت، ئەگەر بێت و لە جێگەی فۆنیمێكی تر دابنرێتدەبێتە هۆی گۆڕینی واتای وشەكە .

٢- وەك مۆرفیمێكی بەندی داڕشتن ڕۆڵێكی چالاكی لە پێكهێنانی وشە، یاخود ناوی داڕێژراوو لێكدراودا هەیە، بەتایبەتی لە پێكهێنانی وشەی لێكدراودا.

٣- وەك مۆرفیمێكی ڕێزمانی ئەركی ڕێزمانی لە بواری ڕستەسازیدا دەگێڕێت، وەك ئامرازی لێكدان دوو ڕستەی سادە بەیەكەوە دەگەیەنێت ، یان دوو دەستەواژە بەیەكەوە دەگەیەنێت، یان ....هتد.

## سەرچاوەكان:


١- ئازاد ئەحمەد حسێن، ئەركی ئەدڤێربڵ لە فراوانكردنی فرێزی كاریدا، گۆڤاری (كوردۆلۆجی)، ژمارە (٣)، سلێمانی،٢٠١٠.

٢-د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، وشەڕۆنان لە زمانی كوردیدا، بەغدا، ١٩٧٧.

٣- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەكەم – ناو – ، بەغدا، ١٩٧٩.

٤-د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی دووەم – جێناو – ، بەغدا، ١٩٨٧.

٥-د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی سێیەم – ئاوەڵناو – ، بەغدا، ١٩٩٢.

٦-د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی چوارەم – ژمارەو ئاوەڵكردار – ، بەغدا، ١٩٩٨.

٧-د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی كوردی، بەرگی یەكەم(مۆرفۆلۆژی)، بەشی پێنجەم – كردار – ، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٨- د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، نووسینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، بەغدا، ١٩٨٥.

٩- د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، ئامراز لە زمانی كوردیدا، انتشاراتی صلاح الدین ایوبی، تەهران، ١٣٦٧.

١٠- تۆفیق وەهبی، دەستووری زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٢٩.

١١- توفيق وهبی، قواعد اللغه الكرديه، الجزو الاول، الباب الاول،بەغداد، ١٩٥٦.

١٢- جەمال عەبدول، بەرکولێکی زاراوەسازیی کوردی، کوردستان- هەولێر، ٢٠٠٨.

١٣- جگەر خوێن، ئاوا ئو دەستوورا زمانێ کوردی، بەغدا، ١٩٦١.

١٤- حەیدەر حاجی خدر، تایبەتمەندییە مۆرفۆلۆژییەکانی زمانی کوردی لەڕوانگەی پۆلینی

١٥- سەرباز خۆشناو، ناوگر لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری (زمانناسی )، ژمارە ( )، هەولێر، ٢٠١١.

١٦- سەعید صدقی، مختصر صرف‌و نحوی کوردی، بەغدا، ١٩٢٨.

مۆرفۆلۆژیانەی زمانەکانەوە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کۆلێژی زمان، ٢٠١٠.

١٧- ڕۆژان نووری عەبداللە، فەرهەنگی زمان‌و زاراوەسازی کوردی، سلێمانی، ٢٠٠٧.

١٨- ک.ک.کوردۆییێف، ڕێزمانی کوردی بە کەرەستەی دیالێکتی کرمانجی‌و سۆرانی، و:د.کوردستان موکریانی، بەغدا، ١٩٨٤.

١٩- د.کەوسەر گەلالّی، جووتەوشەی لێکدراو لە زمانی کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢٠- لیژنەی زمان‌و زانستەکان لە کۆڕی زانیاری کورد، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، هەولێر، ٢٠١١.

٢١- محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی لە تەرازووی بەراورددا، بەغدا، ١٩٨١.

٢٢- محەمەد ئەمین هەورامانی، فۆنەتیکی زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٧٤.

٢٣- محەمەد ئەمین هەورامانی، فرهەنگی ئێریەن ڤاچ، بەغدا، ١٩٨٧.

٢٤- مەسعوود محەمەد، زاراوەسازی پێوانە، هەولێر، ٢٠١١.

٢٥- نووری عەلی ئەمین، ڕێزمانی کوردی، سلێمانی، ١٩٦٠.

٢٦- د.وریا عومەر ئەمین، چەند ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر، ٢٠٠٤.

## الملخص

اللغه الكورديه هی واحده من اللغات الحيه الموجوده فی العالم، هی دائمهً فی التطور، وذلك بسبب تشعبها وسعه استخدامها. وهی واحده من اللغات المركبه التی تلعب فيها اللاحقه والسابقه دوراً رئيسياً فی بناو الكلمه والمصطلحات. فكلمات اللغه الكورديه التی تتكون عن طريق السوابق واللواحق مجموعه منفتحه نستطيع عن طريقها بناو كلمات لاحصر لها. وفی بناو هذه الكلمات والمصطلحات تعبر كل لغه عن تكوينها باساليب وقواعد مختلفه، ای ان لكل لغه قوانينها الخاصه بها لتكوين تلك الكلمات. بحثنا هذا تتحدث عن دور و وظيفه ( و ) فی اللغه الكورديه كـ( فونيم ) على المستوى الصوتی ودوره فی تكوين الكلمات عندما تحل مكان فونيم أخر، وكذلك تمثيله فی نفس الوقت لصوتی العله والصحيح فـ( و ) من جهه تعبر عن صوت العله ومن جهه اخرى تعبر عن الصوت الصحيح فی اللغه الكورديه، هناك قواعد خاصه تميزهما عن بعضهما البعض.....

اما على المستوى الصرفی فيعتبر ( و ) احدى المورفيمات المشتقه التی لها دور فی تكوين الكلمات، او الاسماو المشتقه والمركبه ...الخ.

اما على المستوى النحوى فهو احد المورفيمات النحويه التى تلعب وڤيفه نحويه فى ربگ جملتين بسيگتين، او فى الجمله المعقده تربگ الجمله التابعه بالجمله الرئيسيه، وكڗلك لها مجموعه وڤائف اخرى فى الجلمه أو الكلام.


## Abstract

(The Functions of w-و - in Kurdish Language )

Each language has specific rules for the process of word formation whether the process is on the level of phonology ,morphology or syntax. Kurdish language is an agglutinating one because. the affixes have amain role in the process of forming new words ,these new words move into the parts of speech.

In the present research, the researcher wants to explain the functions of (w-) on the phonetic, morphological, and syntactic levels.phonetically some functions have been given to this phoneme that can replace another phoneme to change the meaning of the word. From the perspective of the vowel and consonant sounds, this(w-)represents two sounds that can be separated through some specific rules of kurdish language ,there are also some other functions.

Morphologically ,this (w-),as aderivational morphome,can from compound and complex nouns which leads to enrich kurdish language dictionary. Syntactically,it can have grammatical functions by joining two simple sentences. It can also function as preposition to connect the subordinate and super ordinate sentences It can also have other functions .